دکتۆر بەشیر حەداد: بەبێ پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژاردن بەڕێوەناچێت

جێگری سەرکی پێشووی ئینجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، بەبێ پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژاردن بەڕێوەناچێت و دژبە داواکانی پارتی جەبەجێ بکرێن.

د. بەشیر حەداد، جێگری سەرکی پێشووی ئینجومەنی نوێنەرانی عێراق لە چاوپێکەوتنکی لەگەڵ ئاژانسی هەرێم نیوز ڕایگەیاند، کە هەرێمی کوردستان لە مێژە فشارکی زۆر گەورەی لەسەرە، فشارکانیش هێندێک جار فشاری سەربازی و ئابووری بوون، هێندێ جاری تریش بەناوی دەستوور و یاسا ئەم فشارانە کراوە.

وتیشی: بەم دووایانە کاتێک بینییان کە فشاری سەربازی و ئابووری ئەو کاریگەرییەی نەبووە، هەوڵیاندا ئەمجارە لەڕێگەی دادگای فیدراڵییەوە فشار لەسەر هەرێمی کوردستان دروست بکەن و دەرگاوکە لەڵای خێکی هەرێمی کوردستان دروست بکەن کە بڕیارکانی دادگای فیدراڵی، بەیاری یەکلاکەرەوەن.

دەشێت: زۆر جار بڕیارکانی دادگای باڵای فیدراڵی نێک تەنیا بە هەرێمی کوردستان، بەڵکو کێشەی بە کێی گشتی پرسەی سیاسی عێراق دروست کردووە.